کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# چرپەی دەروون

مستەفا چوارتایی
chuartaiy@gmail.com

دوێنێ بیستم، کە پرسیبووت
بۆچی نایەو نامدوێنێ؟
فەرامۆشی کردووم یاخود
بێ وەفایی خۆی دەنوێنێ
یاخود دڵی داوە بە جوانێکی تر و
بە ئاوازی خۆشەویستی
لە باوەشی گەرمی خۆیدا ئەیلاوێنێ
نا گوڵی من
نەگۆڕاوم
بێ وەفاش نیم
دڵیشم نەداوە بە کەس
بەڵام باوەڕم بە ئەوین
ئەوینی تۆ
زۆر کز بووە
ناتدوێنم
بێدەنگیم بۆ تۆ وەڵامە
خۆت تێبگە
من کەنار نیم
خێزاوی دەریا سەدان جار
دامپۆشێ
دوایی بیگرمەوە باوەش
دڵم مرد و
هیواشم گیانی لێبوردن
لە دڵی خۆیا ئەمرێنێ
بۆیە لات لێ ناکەمەوە
نامەوێت کە ... وتەی ئەمرۆ

لەبەرچاوما بتگرێنێ
گەرچی دڵم لێت ڕەنجاوە
ڕۆژانێک خۆشەویستم بووی
خۆشەویستیت یادگارە
هەتا بمێنم، دەمێنێ

1. 12. 1987 هەولێر